کوردستان راپۆرت


# پەشێو و دوازدە وانە بۆ منداڵان



شاعیر – عەبدوڵڵا پەشێو... فۆتۆ: یوسف – ئەڵمانیا

**نەوزاد کەلهور**

پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە ناودارانەی کورد، کە توانیویەتی بەردەوامی لە شیعر نوسیندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

ئەو خاسیەت و تایبەتمەندیەی پەشێو هەیەتی و لە شاعیرانی تری جیای دەکاتەوە ئەوەیە، بەکار هێنانی وشەی سوک و ئاسان لەسەر زمانداو لە ناوەڕۆک و مانادا فراوان، کە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت بە ئاسانی تێبگات، کە ئەمەش وایکردووە جەماوەرێکی زۆر لە شیعر دۆستان بۆ خۆی پەیدا بکات و شوێنی پەنجەشی لە شیعری تازەی کوردیدا دیارو بەرچاو بێت.

بەرهەمی چاک و بەپێزی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ئەوەیە کە بتوانێت نەمری بۆ خۆی تۆمار بکات، بە پێچەوانەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر زاری خەڵکانن و پاشان دەچنە خانەی لەبیرچونەوە، گەلێک شیعر هەبوون باسیان لە گەورەیی و روحانیەتی سەرۆکێک دەکرد، کەچی لەگەڵ ئاوابوونی ئەو کەسە، شیعرەکانیش فەوتان و رەنگە خاوەنەکانیان شەرمیشیان بە خۆ بێت کە بڵێن ئەو شیعرە هی منە، دوو چامەکەی نالی و سالم و بەختی خەواڵووی حاجی و گەشتی هەورەمانی گۆران و دوازدە وانە بۆ منالانی پەشێویش هەر شیعرن، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەندەها ساڵ هەر بە نەمری ماونەتەوە و هەر بە نەمریش دەمێنێتەوە.

دوازدە وانە بۆ منداڵان لە نێوان ساڵانی (1969-1971)دا نوسراون، بۆ یەکەم جاریش لە ڤیستیڤاڵی شیعری کوردی، لە شاری کەرکوک خوێندراوەتەوە، شاعیر دەڵێت "ئەگەر ئەو شیعرەم نەنوسیبا، کە نوسیشم جارم نەدابا و رووبەڕووی سیستەمی بیرکردنەوەی ئەوان رۆژان نەبامایەوە چارەنووسێکی دیم دەبوو" پشت لە نەواو روو لە کرێوە ل "217" پەشێو کاتی خۆی "دوازدە وانە" هەرایەکی گەورەی نایەوە، هەر ئەم هەرایە چارەنووسی شاعیری بەلایەکی تردا برد، دیارە شاعیریش لێی پەشیمان نییە بڕوای تەواوی پێ هەیە، "پەشێو" روو لە منداڵان دەکات، کە ئومێدێکی گەورەی پێیان هەیە، ئەگەر چی ئیمڕۆ منداڵان، خەونی گەورەیان هەیە.

دەڵێن منداڵ پیاوی دوارۆژە، جا ئەگەر بێتوو بمانەوێت نەوەیەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو دروست بکەین، دەبێت لە پەروەردەی منداڵەوە دەست پێبکەین، ئەو منداڵەی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەرکی بەرپرسیاریەتی ئەو گەل و نیشتمانەی ئەکەوێتە ئەستۆ.

منداڵان لای "پەشێو" ژینیان تاڵە بۆیە یاخینە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاریشدا منداڵیش گەورە دەبێت، بە پەروەدەی لاوک و حەیرانی کوردەواری گوشکراوە لەسەر سەکۆی مزگەوت و دیوەخاندا پێگەیشتووە و فرچکی گرتوە بە چیرۆکی بەر ئاگردانی شەوانە، گوێشی پڕ بووە بە خوێندنەوەی شیعری شاعیری ترسنوک، کە ئەو شاعیرانە هەردەم شیعریان لە پیاهەڵگوتنی درۆ هیچی تر نەبووە.

"رەسول حەمزاتوف"ی شاعیری گەورەی داغستان دەڵێت "پاشا هەموو شاعیرانی وڵاتەکەی کۆکردەوە پێی گوتن شیعرم بۆ بنوسن کە باس لە گەورەیی و دەسەڵاتی دادپەروەریم بکات، کۆمەڵێک شاعیر یاخی بوون شیعریان نەگوت پاش سزاو چاو سورکردنەوە هەمویان دەستیان کرد بە ستایشی پاشا تەنها سێیان نەبێت، کە ئامادە نەبوون بچنە ژێر باری ئەو داوایە، پاشا بڕیاریدا بیان سوتێنن، دوانیان لە ترس سوتان هەر زوو پەشیمان بوونەوە، بەڵام ئەوەی سێیەمیان لە جاران زیاترو گەرمتر هێرش کردە سەر پاشا، پاشا گوتی زوو رزگاری بکەن تاکە شاعیری وڵاتەکەم، بەڕاستی هەر ئەوە شاعیری راستگۆ و بەجەرگە". (داغستانی من - و عزیز گەردی)

منداڵەکان
ئەی یاخییە ژینتاڵەکان
سبەی ئێوە کە گەورەبوون
لە لاوکا
لە حەیرانا
لە مزگەوت و دیوەخانا
لە چیرۆکا
لە هۆنراوەی شاعیرێکی ترسنوکا

لە دیوەخان و مزگەوت و چیرۆک و هۆنراوەی شاعیردا، دەبێت ئەو منداڵانە چیان بەرگوێ بکەوێ و فێری چ شتێک ببن؟

فێری ئازایەتی و کوردایەتی لای شاعیر ئەوانە هیچیان راستی نین، بەڵکو ئەمانە هەموو قسەن و دوور لە راستین، بۆیە ئاگاداری منداڵان دەکاتەوە و دەڵێت نەکەن بڕوا بەو قسانە بکەن.

رەنگە زۆرتان بەر گوێ کەوێ
باسی ئێمە و ئازایەتی
باسی ئێمەو کوردایەتی
بەڵام نەکەن بڕوا بکەن
هەمووی درۆن، درۆی پەتی

"پەشێو"ی شاعیر زۆر نائومێدە، بەرامبەر بە رابردووی گەلەکەی، کە توشی گەلێک کوێرەوەرین، ئاسۆی بیرکردنەوەشمان زۆر کزە، بەم هۆیەوە هەر هەنگاوێک دەهاوێن بەرچاوی خۆمان نابینین، مرۆڤی هۆشمەند و وشیار ئەو کەسەیە کە کاتێک دەیەوێت هەنگاو بنێت، دەبێت بیر لە شوێنی پێیەکانی بکاوتەوە.

منداڵەکان
ئێمە تووشی سەد کوێرە رێین
چرای بیرمان گەلێک کزە
هەنگاوی کوێرانە دەنێین

شاعیر دەیەوێت ئەفسانەیەک بۆ منداڵان بگێرینەوە، لەو ئەفسانەیەدا باس لە گەلێکی نەگبەت دەکات، کە ئەو هۆزە پشت بە فاڵچی دەبەستێت کتێبە بۆ خەڵکەکە دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کەی دوژمن بە دەستی خۆی پەت دەخاتە ملی خۆی، بەڵام هەی هوو کەی شتی وا دەبێت، میللەت چاوەڕوانی دوژمنی خۆی بکات بۆ ئەوەی خۆی بخنکێنێ و

فەیلەسوفیان
فاڵچیەک نەبوو
شەوان فاڵی دەگرتەوە
تا بزانێ کەی دوژمن بۆی
پەت دەخاتە گەردەنی خۆی

پیاو ماقوڵانی ئەم هۆزە نەگبەتە کەڕولاڵە، نە قسە دەزانێ و نە گوێشی لە قسان دەبرد، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە خاوەنی سەبرو ئارامێکی زۆرە ماوەی کورتی هەزار ساڵە بە درێژایی ئەو هەزار ساڵەش هۆزی نەگبەت شەو رۆژ بە پەنجەکانی دەستی شەو رۆژ دەژمێرێ، بەڵکو خوا بکا ئێستا نا ئێستا دوژمن پەت بخاتە گەردەنی خۆی.

دەرونزانەکان دەڵێن زۆر جار وا دەبێت دیکتاتۆر لە ئەنجامی سەیرو ئارامی پەیدا دەبێت، چونکە کەسی زۆردار تەماشای وەڵامدانەوەی "استیجابە"ی خەڵک دەکات کە ئەو هەر زوڵمی کردو خەڵکیش ئارامی گرت شتی گەورەتری بە دوادا دێت.

پیاو ماقوڵیان
کەڕو لاڵ بوو
ماوەی کورتی ئارامیشی هەزار ساڵ بوو
هۆزی نەگبەت
شەوی دەژمارد
رۆژی دەژمارد
سێ ژەم نان و چەپڵەی دەخوارد
چاوەڕێ بوو کە دوژمن بۆی
پەت بخاتە گەردەنی خۆی

دیسان شاعیر ئومێدێکی گەورەی بە منداڵ هەیە، کە سبەی ئەوان زەلکاوی بێدەنگی دەشڵەقێنن، هەر ئەوان کانیەکان دەتەقێننەوە، هەر ئێوەش ئەو سنورە دەستکردەی بە دەستی ئەنقەست دروستکراوە، هەڵیدەوەشێنەوە، ئەو زنجیرە لێکپچڕاوەی کە ئێستا هەیە هەمووی بەیەکەوە گرێ دەدەن و بەیەکی دەبەستنەوە منداڵەکان

ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن
ئێوەن ئەو بومەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن
ئێوەن سبەی
سنوری دەستکرد دەشکێنن
قەفی زنجیری لێکپێچراو
بە یەکترەوە دەلکێنن

هەر ئێوەن لە ئایندەیەکی نزیک لە هەموو پارچەکانی کوردستان، دەبنە خاوەنی یەک فەلسەفەوە، بەیەک فەلسەفە پێدەگەن، ئەو فەلسەفەیەش، هەڵگری پەیامی یەکێتی نێوان رێزەکانی گەلی کوردە، کە پێویستە یەکێتیەک لەناو کوردا دروست بێت، هەر تاکێکی کوردیش دەبێت هەڵگری ئەو فەلسەفەیە بێت.

ئێوەن سبەی
بەیەک فەلسەفە پێدەگەن
ئەو کوردە بێ، نەوەی نوێ بێ
دەبێ تێشوەی
رێی یەکیەتیی کوردی پێ بێ

دەمێکە کوردستان بۆتە وڵاتی بت، هەر شوێنێک بتێکی لێ دروست کراوە و خەڵکی بە دوای بت پەرستن کەوتون، خۆری ئازادی تیادا ونە، بۆیە دەبینن شاعیر زۆر گەشبینە بە دوارۆژی میللەتەکەی خۆی، کە جارێکی تر زەردەشتێک سەر هەڵدەداو دێت ئەو بتانە لەق دەکاو دەیان روخێنێ، هەر ئەو زەردەشتە چەخماخەی ئاگری ئاڤێستای پێیە و دێت جەرگی تاریکی شەق دەکاو رووناکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنی دیارە شاعیر ئەو هەموو ئومێدە لە ئاگردانی چاوی منداڵاندا دەبینێت:

منداڵەکان
لە ئاگردانی چاوتاندا
من چاوەڕێی زەردەشتێکم
بێ جێ بەو بتانە لەق کا
من چاوم رێی
چەخماخەی ئاڤێستایەکم
بێتو جەرگی تاریکی شەق کا

شاعیر بڕوای بەو سنورە دەستکردەوە نییە کە لە نێو پارچەکانی کوردستاندا دروست کراوە، بۆیە کۆترەکەی ئاشتی دیاربەکر دەستگیرانی شاعیرە، دیارە خەڵکی دیاربەکریش وا راهاتووە حەزیان لە قاسپەی کەو و رەنگی بەفر بێت.

دەسگیرانم کۆترێکی دیاربەکرە
حەزی لە چیاو قاسپەی کەو و رەنگی
بەفرە

بۆ پەرینەوە لە سنوری دەستکرد لە جیاتی پاسەپۆرت دیاری دەستی بۆ دەستگیرانەکەی بریتی بوو، لە کلدان و کیسەیەک خەنە

پەساپۆرتم
ئاوات و زەردەخەنە بوو
کلدان و کیسێک خەنە بوو

بەڵام کاتێک دەگاتە سەر سنور، لە جیاتی ئەوەی دەستگیرانی لە باوەش بگرێت و تێر تێر ماچی بە یەکگەیشتنی خۆی و دەستگیرانی بکات، پۆستاڵ ڕەشێک دێت و دێت سواخی نێو چەوانی دەدات:

کە لە دەرگای سنورمدا
لە باتی ماچ
ماچی گەرمی دەستگیرانم تفی زەردی
پۆستاڵ ڕەشێک
هات سواخی دا ناوچەوانم

نیشتمانی کورد پڕە لە زێڕی رەش، کە سەرچاوەی بابەگوڕگوڕبە دەوڵەمەندترین، کانی نەوت دادەنرێت، سەیر لەوەدایە لە نزیک ئەو سەرچاوە نەوتیە، منداڵی کورد لە برسان دەمرێت و خەڵکیش بە نەوتی کورد دەژین:

منداڵەکان
ئەی برسیە ژینتاڵەکان
لەسەر سنگە نەوتاوییەکەی بابەگوڕگوڕ
نێزیک تاڤگەی سەرەو ژووری زێرینی گڕ
گلکۆیەکی بیچکۆلەم دی
لێی نوسرابوو
ئا لێرەدا منالێکی چاوگەشی کورد
لە برسان مرد

هەر کاتێک مرۆڤ کارێک دەکات، دەبێت بەرهەمی ماندووبونەکەی خۆی بخوات جوتیارێک گەنم دەچێنێت، لە وەرزی دروێنەدا دەبێت گوڵەکانم بدورێتەوە، ئەوانەی یەک دڵوپ خوێنیان رژاند تابلۆیان بۆ خۆیان نەخشاند:

ئەوەی دەنکە گەنمێکی چاند
گوڵە گەنمی دروێنە کرد
ئەوەی دڵوپێک خوێنی چاند
تابلۆیەکی بۆ خۆی نەخشاند

کەچی ئێمە نەک دڵۆپێک خوێن، بەڵکو ئێمە وەکو باران خوێن دەڕێژین بۆ ئەوەی ئەو دەنکە گەنمەی چاندومانە بە خوێنی خۆمان ئاومان داوە، نازانین کەی ئەو دەنکە گەنمە دەبێتە گوڵەگەنم و هەتا وەرزی دروێنە بێت و بەرهەمەکەی خۆمان ببینن و دروێنەی بەرهەمەکەیان بکەین :

کەچی، ئێمە
کاسە سەرو چاو دەچێنن
بارانی خوێن بەسەریانا دەبارێنن
هێشتا وەرزی دروێنەشمان دیار نییە
تا گوڵە گەنمێکی کێڵگەی
ئەو خوێنەشمان دیار نییە

ئێمە لە هەموو بۆنەو یادەکاندا هەست و سۆزی خۆمان دەردەبرین، لە هەموو شوێنەکاندا، لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان لەسەر بۆڕیە پرنەوتەکان و هەتا دەگاتە سەردیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکانیش دروشمی گەورە گەورە دەنوسین وەکو بژی چەوساوە، بژی کرێکار

لەسەر ناوچەوانی زەردی رۆژنامەکان
لەسەر بۆڕیە نەوتەکان
لەسەر دیواری ئاودەستخانەی
مزگەوتەکان
دە ملیۆن جار
نوسیمان بژی چەوساوە
نوسیمان بژی کرێکار

بەڵام ئەو دروشمانە تەنها بۆ چەواشەکردنە و بەس! ئەگینا تەنها بۆ جارێکیش بێت دەبوایە ئەو دروشمانە ببونایە پارویەک دەرخواردی کرێکاران بدرایەوە، تاکو زگی برسیانی تێر بکردایە:

بەڵام هەموو نوسینەکان
تەنیا جارێ
نەیانتوانی ببنە پاروو
تێرکەن زگی کرێکاری!

نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو شوێنە هەموو وڵاتێکی خاوەن ئاڵا نوێنەری خۆی تێدا هەیە و دەتوانێت بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆی بکات، شاعیر لە خەودا دەچێتە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان، لەو خەودا هەموو کەسێک دەبینێت رەش، سپی، هەر چی بینی خاوەن ئاڵایە، جگە لە خۆی، بۆیە هەموویان بەسەریدا دەقیژێنن ئەی بێ ئاڵا بڕۆ دەرەوە، ئەی بێ نیشتمان چی دەکەی لێرە؟ خۆ ئێرە جێگای ئەو کەسانە نیە کە بێ وڵات و بێ ئاڵان:

شەو لە خەوما رێبوارێک بووم
بۆ بارەگای یۆنان دەچووم
رەشم بینی ئاڵای هەبوو
سپیم بینی ئاڵای هەبوو
هەرچیم بینی ئاڵای هەبوو
قیژاندیان
ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە
ئەی بێ ئاڵا بۆ دەرەوە
منیش گوتم
مەقیژێنن
کە چوومەوە
ئەم چیرۆکە بۆ منالان دەگێرمەوە

شاعیر زۆر پەرۆشی منالان دوازدە وانەکەیەتی بۆیە دەڵێت، گەر وانەکان دەخوێننەوە ئەگەر رۆژ بوو لە کونجێکا کپ هەڵتوتێن، ئەگەر شەویش بوو چراکانتان کز بکەن:

کە وانەکان دەخوێننەوە
ئەگەر رۆژ بوو
لە کونجێکا کپ هەلتوتێن
ئەگەر شەو بوو
با چراکان کز بسوتێن

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا شاعیر بۆ منداڵان ئاگادار دەکاتەوە چرای سەوزیان بۆ دادەگیرسێنێ، کە بە ئاشکرا وانەکان نەخوێننەوە؟

هەر شاعیر خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ من دڵنیام ئەگەر گەورەکانتان خوانەخواستە لەکاتی خوێندنەوەی وانەکاندا بتانبێنن دەزانم داختان دەکەن و وانەکانی منیش دەسوتێنن، دارو دەستەی حەلاج دەدەنەوە لە سێدارە.

مەبەست لە "حەلاج" مەنسوری حەلاجە کاتێک کوشتنیان لەسەر وشەی "انا الحق" بە خوێنەکەی دەنوسرا "انا الحق" ئێمە هەقیش وەکو مەنسوور بۆیە لە جارێکی تر هەقخوازان لە سێدارە دەدرێنەوە:

چاک دەزانم
گەورەکانتان بتانبنین
داختان دەکەن
وانەکانم دەسوتێنن
دێن دووبارە
جەستەی حەللاج دەدەنەوە لە سێدارە

هۆنراوەکە لە دیوانی "پشت لە نەواو و روو لە کرێوە"ی عەبدوڵڵاپەشێوی شاعیرەوە وەرگیراوە.